# ڕۆڵی شوێنەوارە مێژووییەکان لە پەرەپێدانی کەرتی گەشتوگوزار
# (قەزای بازیان بە نموونە )

گەرمیان حسێن علی [1]، عدنان علی محمد، [2] پشتیوان جواد حمد [3]، پ.ی.د . بحري سالم فتاح الصفار[4]

۲م mamosta.adnan1988@gmail.com
۳یەم pshtiwanshexjawad@gmail.com

**نووسەری پەیوەندیکار:** گەرمیان حسێن علی

## پوختە

گەشتوگوزاری مێژوویی جۆرێک گەشتوگوزاری تایبەتمەندە کە تێیدا گەشتیاران سەردانی شوێنە مێژووییەکان دەکەن، ئامانجی سەرەکی ئەم جۆرە گەشتوگوزارییە ناسینی ڕووداوەکان، کەسایەتییەکان، شارستانێتییەکان، و شێوازی ژیانی ڕابردووە، سەرچاوەیەکی سەرەکی داهاتی نیشتمانییە بۆ هەندێک وڵات، بەهۆی ڕۆڵی بەرچاوی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگادا، بووەتە پیشەسازییەکی یەکگرتوو کە پلاندانان، وەبەرهێنان، بیناسازی، بازاڕکردن و پەرەپێدان لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی شوێنی سەرنجڕاکێشی گەشتیارین، وەک سەرچاوە سروشتی و شوێنەوارییەکان.

شوێنەوارە مێژووییەکانی ناوچەی توێژینەوە تەنها بەڵگەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نین، بەڵکو سەرمایەیەکی ڕۆشنبیری و ئابوورین کە پێکهێنەری سەرەکی پلانی پەرەپێدانی گەشتوگوزارین. سوودوەرگرتن لە ئەم میراتە بە شێوەیەکی شارەزا دەتوانێت وەک هێزێکی کاریگەر خزمەتی پەرەپێدانی ئابووری و کەلتووری ناوچەکە بکات.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە پیشاندان و خستنەڕووی ئەو ناوچە شوێنەواریانەیە کە بوونی هەیە، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران و چینە توێژەکانەوە سەردانی دەکرێن، لەبەرئەوەی خاوەنی چەندین شوێنەواری گرنگ ومێژووییە، لەوانە(بەردەقارەمان، گردی شاری بازیان، قەڵای بازیان، شورەی دەربەندی بازیان...هتد) مەبەست لێی پێشکەشکردنی تێڕوانینێکی گشتیە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو، باس لە ڕووداوە گرنگەکانی گەشتوگوزاری شوێنەواری و مێژوویی دەکات، لە هەمانکاتدا ئاماژە بە چەمک و تیۆرییەکانی پەیوەست بە گەشتیاری دەکات کە بەدرێژایی مێژوو پەرەیان پێدراوە، بۆ جێبەجێکردنی گریمانەی توێژینەوە، توێژینەوەکە بۆ سەرچوار تەوەر دابەشکراوە، لەگەڵ گرنگترین لە دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان .

**وشە کلیلییەکان:** گەشتوگوزار – گەشتوگوزاری شوێنەواری، شوێنەوارە مێژووییەکان، بازیان، پەرەپێدانی گەشتوگوزار .
بەکاربهێنە .

## 1. پێشەکی

گەشتوگوزار یەکێکە لە گرنگترین پیشەسازییەکانی جیهان کە پشتی بە سەرچاوە سروشتی و مرۆییەکان دەبەستێت. لەم میانەدا شوێنەوارە مێژووییەکان و توانستە مرۆییە گەشتوگوزارییەکان، ڕۆڵێکی سەرەکییان لە ڕاکێشانی گەشتیار و پەرەپێدانی ئابووری ناوچەکان هەیە، قەزای بازیان، کە بە مێژووی دەوڵەمەند و شوێنەوار و پاشماوە ناسراوە، پێگەیەکی بێ وێنەی بۆ گەشەسەندنی گەشتوگوزار هەیە. خاوەنی کۆمەڵێک شوێنەواری مێژووییە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە جیاوازەکانی مێژوو، وەک قەڵا مێژووییەکان.

پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای بازیان تەنها ڕێگەیەک نییە بۆ زیادکردنی داهاتی ئابووری، بەڵکو ئەمیش ڕێگایەکە بۆ ناساندنی میراتی کولتووری و مێژوویی.

لەم پێشەکییەدا، هەوڵ دەدرێت ڕۆڵی شوێنەوارە مێژووییەکانی قەزای بازیان وەک هۆکارێک بۆ پەرەپێدانی گەشتوگوزار بخەینە ڕوو، و ڕێگا پێشنیار بکرێت بۆ باشتر بەهێزکردنی ئەم دوو بوارە لەگەڵ یەکتردا. ئەمەش دەکرێت

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**[://sjh.univsul.edu.iq/](https://sjh.univsul.edu.iq/), **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12327]
- **Submission Date:** [10/3/2026], **Revised Date:** [10/3/2026], **Accepted Date:** [6/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

بنچینەیەک بێت بۆ نوێکردنەوەی ئابووری ناوچەکە و ناساندنی زیاتری قەزای بازیان وەک ناوەندێکی گەشتوگوزاری مێژوویی .

کێشەی توێژینەوەکە :
ناوچەکە چەندین شوێنی گەشتوگوزاری شوێنەواری و مێژووی تێدایە، وەك پێویست گرنگی پێنەدراوە تا ببێت بە بەشێك لە پەرەپێدانی گەشتیاری و ئابووری و ڕۆشنبیری، کە دەتوانیین پرسیارەکانی توێژینەوەکە بخەینە ڕوو:
أ.کەمی ژمارەی شارەزایانی شوێنەواری تایبەت لە ناوچەکە، لەو ئاستەدایە کە پەرەپێدانی گەشوگوزاری تێدا بکرێت، ئایا شوێنە مێژوو و شوێنەوارەکانیان تا چەند هۆکارن بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران؟ ئایا گرنگترین کێشە و گرفتەکانی بەردەم پەرەپێدانی ....؟
ب. نەبوونی ئامێر و تەکنەلۆژیای مۆدێرن بۆ نەخشەکێشان، تۆمارکردن، و شیکردنەوەی پاشماوە شوێنەوارییەکان .
پ. تێکدانی شوێنەوارەکان بەهۆی چالاکییە مرۆییەکان (وەک بیناسازی، کشتوکاڵ، چاڵکردنی نایاسایی).
گریمانەی توێژینەوەکە :
أ.تاوەکو ئێستا شوێنە مێژووییەکانی ناوچەی توێژینەوە پەرەپێدانی تیادا ئەنجام نەدراوە.
ب.پەرەپێدانی شوێنە مێژووییەکان لە ناوچەی توێژینەوە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای بازیان .
ب-ناوچەی توێژینەوە چەندین پێکهاتەی گەشتیاری و شوێنەواری هەیە کە وای لێدەکات بتوانێت سوودێکی کێبرکێی ناوخۆیی بەدەستبهێنێت، بەڵام بەدرێژایی ساڵ بە شێوەیەکی بەرچاو لە بەرنامەکانی گەشتیاریدا جێگیر نییە، چ ناوخۆیی بێت یان نێودەوڵەتی، و لە پلانی پەرەپێدانی گەشتیاریی لایەنە پەیوەندیدارەکان و وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا وەک پێویست خزمەت نەکراوە، پێویست بوو توێژینەوە لە دۆخی ئێستای گەشتیاری ناوچەکە بکرێت بۆ بەدەستهێنانی وەسفێکی ورد بۆ بەرهەمی گەشتوگوزاری و دەستنیشانکردنی گرنگترین ئاستەنگ و گرفتەکان کە ناوچەکە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، کە ڕێگری دەکات لە سود وەرگرتن لەم میراتە شوێنەواری و گەشتیارییە گرنگانە، ئەمەش لە پێناو بەدەستهێنانی گەشەپێدانی گەشتیاری شوێنەواری بەردەوام لە ناوچەکەدا.
ئامانجەکانی توێژینەوەکە :
أ-توێژینەوە لە پێکهاتە مێژوویی و گەشتیارییەکانی ناوچەکەو چۆنیەتی پەرەپێدان و بەرزکردنەوەیان بۆئەوەی زۆرترین گەشتیار سەردانی ئەم شوێنانە بکات، خستنەڕووی لە بەرنامەکانی گەشتە گەشتیارییەکان، چ ناوخۆیی بێت یان نێودەوڵەتی، بە درێژایی ساڵ، بەتایبەتی شوێنەوارەکانی قەڵای باڕۆیی، دەربەندی بازیان، شورەی دەربەندی بازیان.
ب-ئامادەکردنی پلانێک بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری بەردەوام لە ناوچەکەدا .
پ-پەرەپێدانی پێشنیار و ڕاسپاردەکان بۆ خۆجێیکردنی چەمکی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری شوێنەواری بەردەوام.
پرسیارەکانی توێژینەوەکە
أ- ئایا سەردانی گەشتیاری بۆ ناوچەی توێژینەوە پێویست بە شوێنی مانەوە و هۆتێل و خزمەتگوزارییەکانی دەکات ؟
ب- بۆچی لەچوارچێوەی گەشەپێدانی گەشتوگوزاری شوێنەواری بەردەوام لە هەرێمدا توێژینەوەی تایبەت و لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، ئەگەری ئەوەی ئەم ناوچەیە ببێتە شوێنی گەشتیاری بەدرێژایی ساڵ؟
گرنگی توێژینەوەکە :
أ-پاراستنی ئەم شوێنەوارانە بۆ نەوەکانی داهاتوو، ئەم جۆرەی گەشتوگوزاری یارمەتی پاراستن و نوێکردنەوەی دەدات تاوەکو زیاتر لە شوناس و مێژووی ناوچەکە تێبگەن و تێبفکرن.
پ-لەڕووی ئابوورییەوە، ناوچە شوێنەواری ومێژووییەکان سەرچاوەی داهاتی باشن بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، و لەم ڕووانەوە، وەکو (ڕاهێنەر، گەشتیار، پێشەسازی هۆتێل و چێشتخانەوە و ڕێگاوبان ... هتد )
میتۆدی توێژینەوەکە :
میتۆدی بەکارهاتوو بۆ توێژینەوەکەمان بریتییە لە بەکارهێنان و پشت بەستن بە میتۆدی وەسفی و شیکاری و بەراوردکاری، چونکە پشت ئەستوورین بە هەبوونی چەندین شوێنی مێژوویی گرنگ و شوێنەواری لە ناوچەی توێژینەوەدا .
پلانی توێژینەوەکە :
یەکەم : ناساندنی ناوچەی توێژینەوە
دووەم : چەمکی گەشتوگوزاری مێژوویی
سێیەم : دابەشبوونی جوگرافی بۆ شوێنەوارە مێژووییەکان لە قەزای بازیان
چوارەم : پەرەپێدانی شوێنەوارە مێژووییەکان
پێنجەم : دەرئەنجام و ڕاسپاردەکان :
لیستی سەرچاوەکان


## 2. 1- یەکەم : ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

بازیان یان دۆڵی بازیان ناحیەیەک بووە سەر بە قەزای ناوەندی سلێمانی([1])، لەڕووی ناوەوە ناوچەکە لای دانیشتوانی خۆجێی بەدۆڵی بازیان ناسراوە، لە ئێستادا بووە بە قەزا و یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای سلێمانی، یەکێکە لە پارێزگاکانی

[1] - کەریم زەند، جوگرافیای کوردستان، چاپخانری شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی، 2006، ل 16.

هەرێمی کوردستان و دەکەوێتە خۆرهەڵاتی هەرێم و باکووری خۆرهەڵاتی عێراق، قەزای بازیان دەکەوێتە باشوری خۆرئاوای شاری سلێمانی بە دووری (37کم). و خۆرهەڵاتی هەرێمی کوردستان(سلێمانی، 1999) نەخشەی(1) و باکووری خۆرهەڵاتی عێراقەوەوە نەخشەی(2)، هۆکاری ناولێنانی بە (دۆڵی بازیان) یان (حەوزی بازیان) لەبەرئەوەی لە هەرچوارلاوە بە چیا دەورە دراوە و بەجۆرێك کە شێوەی حەوزی پێبەخشیوە و لەناوچەکانی تری دەوروبەری نزمترە، ناوچەی توێژینەوە شێوەیەکی لاکێشەیی هەیە پێکهاتووە لە چەند زنجیرە شاخێک و دەشتێکی درێژکۆلەی باریک لەگەڵ چەندین گردۆڵکە(بابان، 2012) درێژبوونەوەی زنجیرە شاخەکانی لە باکوری خۆرئاوا بۆ باشوری خۆرهەڵاتە کە دەشتی بازیان هاوشێوەی زنجیرە شاخەکان درێژدەبێتەوە، دۆڵی بازیان یەکەمین دۆڵە لە دۆڵەکانی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس کاتێک لە دەربەندی بازیانەوە بەرەو خۆرهەڵات بێیت بۆیە بە دەروازەی ناوچەی سلێمانی دادەنرێت لە خۆرئاواوە([2]).

**نەخشەی(1) شوێنی جوگرافی بازیان بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی و کوردستان و عێراق**



سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست بە :

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆژیای زانیاری و بەشی ڕوپێوی و GIS، داتای بڵاونەکراوە، 2024 .

٢-بەکارهێنانی بەرنامەی ARCMAP.arc.GIS10.8

قەزای بازیان  شوێنێکی ناوەندی هەیەوە ڕێگای گشتی (کەرکوک- سلێمانی) بە ناویدا تێدەپەڕێت، واتە شارێکی ناوەندییە، شاری سلێمانی دەبەستێتەوە بە شاری کەرکوک و شارەکانی تری عێراقەوە، واتە کەوتۆتە نێوان دوو مەڵبەندی نیشتەجێبوونی دانیشتوانەوە لە زانستی جوگرافیای شاردا شوێنی ناوەندی جێگەی بایەخی ئابووری وکۆمەڵایەتی و سیاسیان هەیە، لە ڕووی هەڵکەوتەی شوێنەکەیەوە بەچەند یەکەیەکی کارگێری دەورە دراوە بە گوێرەی پارێزگای سلێمانی و سنوری هاوبەشیان لەگەڵیدا هەیە لە خۆرهەڵاتەوە ناحیەی بەکرەجۆیە بەدوری (27کم$^2$ )، لە خۆرئاوایەوە بەدووری (32کم$^2$) قەزای چەمچەماڵ و ناحیەی تەکیەیە، لە باکوری خۆرهەڵاتەوە بەدووری (17کم$^2$) ناحیەی پیرەمەگرونە، لە باشور و باشوری خۆرهەڵاتەوە قەزای قەرەداغە(علی، 2008) لە ڕێگەی سێ دەربەندەوە بە ناوچەکانی ترەوە دەبەسترێتەوە ئەوانیش دەربەندی (تاسلوجە) لە خۆرهەڵات، دەربەندی(بازیان) لە خۆرئاواوە، دەربەندی(باسەرە) لە باشوری خۆرهەلات، کە ئەمەی دوابیان بازیان بەناوچەی گەرمیانەوە دەبەستێتەوە، ئەم قەزایە لە یەک ناحیە(بەردەقارەمان) و سەنتەری قەزا پێکدێیت، نەخشەی (2)([3]).  نەخشەی(2) کارگێری ناحیەی ناوەندی قەزای بازیان




سەرچاوە : کاری توێژەر پشت بەست بە :

١-حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆژیای زانیاری و بەشی ڕوپێوی و GIS، داتای بڵاونەکراوە، 2025 .

٢-بەکارهێنانی بەرنامەی ARCMAP.arc.GIS10.8

[2] - کاروان محمد و یاسین احمد، بازیان مێژوو و گەشەسەندنی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، سلێمانی، 2023، ل 17 .

[3] - شیروان عمر رشید، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی دروستبوون و گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە پارێزگای سلێمانی، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، 2006.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps**://sjh.univsul.edu.iq/, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12327]
- **Submission Date:** [10/3/2026], **Revised Date:** [10/3/2026], **Accepted Date:** [6/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

## 1-3دووەم : چەمکی گەشتوگوزاری مێژوویی :

گومانی تێدا نییە کە شوێنەوارە مێژووییەکان بوونەتە پاڵپشتییەکی سەرەکی بۆ گەشتوگوزاری نیشتمانی، بەو پێیەی بە یەکێک لە گرنگترین بەرهەمە گەشتیارییەکان دادەنرێت و ڕۆڵیان بۆ هەموو لایەک ڕوونە([4]) شوێنە مێژوویی و مۆزەخانەکان و شوێنەوارەکان لە گرنگترین جۆرەکانی گەشتوگوزاری مێژوویین، کە گەشتیاران بەلای خۆیاندا ڕادەکێشن([5])

میسرییەکان یەکەم کەس بوون، لە سەرهەڵدان و گەشەسەندنی چەمکی گەشتوگوزاری مێژوویی و شوێنەواری، بە جۆرێک بە سواری کەشتی دەچوون بۆ ڕێزگرتن لە خواوەندەکانیان، لەکاتی گەشتەکانیاندا کاتەکانیان بە ژەنینی ئالەتی مۆسیقا و گۆرانی ووتن دەبردەسەر، لەکاتی گەیشتن بەشوێنی مەبەستیش هەڵدەستان بە ئەنجامدانی چالاکی جۆراوجۆر، وەکو پەرستش و قوربانیدان و گەڕان، هەروەها بە گەشتکردن ئارەزووەکانیانی تێردەکرد، فیرعەونەکانی پێشووتر بەردی بیناسازی باشی نیلیان بەکارهێنا بۆ دروستکردنی گۆڕ و پەرستگای گەورە هەر لە ساڵی ٢٧٠٠ پێش زایین زیاتر لە هەزار ساڵ دواتر میسرییەکان خۆیان بینیەوە کە بەم سندوقە گەنجینەی مێژوویە دەورە دراون. نووسەران ئاماژەیان بەوە کردووە کە گەشتیاران پەیامەکانیان بەجێهێشتووە بۆ ئەوەی نیشان بدەن کە لەوێ بوون و یادگارییەکانی گەشتەکەیان بردۆتەوە ماڵەوە([6]) دواتریش یۆنانیەکان لە شارستانیەتەکانی ترەوە زەمینەیان بۆ ڕەخسا بۆ گەشتکردن و گەڕان، دواتریش ڕۆمانیەکان دەستیان کرد بە گەشتکردن، لەبەرئەوەی ئاو گەورەترین ئامراز بوو بۆ گواستنەوەی کاڵا بازرگانیەکانیان، شارەکانی یۆنان بەدرێژایی کەناراوەکان گەورەبوون، بەم شێوەیە دڵنیابوون لەوەی کە گەشتکردن بە پلەی یەکەم لە ڕێگای دەریاوە بووە، ئەمەش کارئاسانی بۆ کردن لە گەشتکردن بۆ شوێنەوارە مێژووییەکان و بینینی چەندین پەیکەری خواوەندەکان و هونەری نیگارکێشان و کارە دەستیەکان، گەشتکردن بۆ کاروباری فەرمی کەمتر گرنگ بوو چونکە یۆنان دابەش بوو بەسەر شار-دەوڵەتەکاندا کە بە سەربەخۆ بوون. گەشتە چێژبەخش و گرنگەکان بەڕاستی لە سێ بواردا بوونی هەبووە:ئەوانیش بۆ فێستیڤاڵە ئاینییەکان، بۆ بۆنە وەرزشییەکان (لە هەموویان گرنگتر يارییە ئۆلۆمپیەکان)، و سەردانی شوێنەوار و مێژووی شارەکان، بەتایبەتی ئەسینای پایتەخت([7]).

ئەو وڵاتانەی پەیوەست بوون بە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی میراتی کولتووری و شوێنەواری مێژوویی و سروشتی جیهانی دەتوانن هەندێک لە شوێنە مێژووییەکانیان هەڵبژێرن بۆ ئەوەی وەک شوێنی هەڵبژێردراو لە لیستی میراتی نێودەوڵەتیدا دەستنیشان بکرێن، بێگومان ئەمەش بەشدارە لە پاراستنی ئەم میراتە و پشتگیری لە ڕۆڵی ئەرێنی دەکات لە پێشخستنی گەشتوگوزاری شوێنەواری و مێژوویدا، ئەمەش بۆ خۆی نوێنەرایەتی لایەنێکی گرنگی ئاسایشی گەشتیاری دەکات و شێوازێکی کاریگەرە بۆ دڵنیابوون لە بەردەوامیی گەشتیاری([8]).

گومانی تێدا نییە وڵاتانی گەشتوگوزاری وایان لێدەکات کە ڕۆڵی خۆیان لە پاراستنی شوێنە مێژووییەکان و پاراستنی میراتە سروشتی و مرۆییەکان بە شێوەیەکی کاریگەرتر بگێڕن، بەتایبەتی کە یونسکۆ (UNESCO) هەمیشە ئامادەیە ئەوەی پێویست بێت لە ڕێگەی لیژنەی شوێنەواری جیهانییەوە دابینی بکات، بە مەبەستی یارمەتیدان بۆ گەیشتن بەو پاراستنە. ڕەنگە پەرۆشی بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی سەرەوە هۆکارێک بێت بۆ دامەزراندنی بەشەگەلێک کە پلەیەکی بەرزی پسپۆڕییان هەبێت لە پرسە ژینگەییەکان و پاراستنی شوێنەوارە مێژووییەکان ([9])

.

## 1-4 سێیەم : دابەشبوونی جوگرافی شوێنەوارە مێژووییەکان لە قەزای بازیان

ئەم گەشتیارییە ئامانجی پاراستنی میراتی کولتووری و پشتیوانیکردنە لە گەشەپێدانی ئابووری ناوخۆیی و پێشخستنی ئاڵوگۆڕی کولتووری لە نێوان گەلان و یارمەتیدانی تاکەکان باشتر لە خۆیان و مێژووەکەیان تێبگەن ([10]) گەشتوگوزاری شوێنەوار و مێژوویی بریتییە لە گەشتکردن بۆ ئەو شوێن و جێگایانەی کە گرنگییەکی کولتووری، مێژوویی، یان میراتییان هەیە. گەڕان بە شوێنەوارەکان، مۆزەخانەکان، شوێنە ئاینییەکان، شارە کۆنەکان و کارلێککردن لەگەڵ پیشەسازییە دەستییەکان و هونەرە ناوخۆییەکان لەخۆدەگرێت([11]).

لە سەرەتادا پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە گەشتیاری شوێنەوارییی بەشێکی گرنگە لەو بەشەی کە پێی دەوترێت گەشتیاری کولتووری، کە لە ڕووی واتایەوە مانای گەشتیاری شوێنەوارییە، ئەو جۆرە کە

[4] - مروان محسن السكر العدوان، مختارات من الاقتصاد السياحي، عمان، الأردن، 1999، ص 13.

[5] - عمر جسام الغراوى، علم الاثار في العراق نشأته وتطوره، دار الكتب العلمية، بيروت، 2006، ص 27 .

[6] - From Herodotus, History of the Persian wars ( 440 BC) , in the Norton Book of travel, Paul Fussel , ed ( New York ) : W . W . Norton, , company , 1987.

[7] - Geoffery Trease , The Grand Tour ( New York ) , Holt, Rinehart , Winston, 1967 .p 14.

[8] - احمد حسين على ، نحو استراتيجية لتطوير السياحة العراقية، مركز البيان للدراساست والتخطيط، بغداد، 2006، ص 40 .

[9] - البروتوكول الثاني لإتفاقية لاهاى لعام 1954 الخاص بحماية الممتلكات الثقافية في حالة زاع نزاع ، حرر في مدينة لاهاى في السادس والعشرين من شهر اذار، 1999.

[10] - Anne Rowe , John D , Smith, Travel and Tourism , University Of Cambridge , United of Kingdom, 2002, p23.

[11] - غنيم محمد عثمان، التخطيط السياحيوالتنمية السياحة، الاردن، 2004، ص 57 .

پەیوەندی بە گەشتەوە  هەیە کە ئامانج لێی دۆزینەوە و ناسینی شوێنەوار و مێژوویی و شوێنەوارە مێژووییەکان و شوێنە ژیانییەکانی ناوچەیەک یان وڵاتێکە بە شێوەیەکی بەربڵاو. لە پێناسەکانی تر لەم لایەنەدا پێناسەی یونسکۆ هەیە کە گەشتکردنە کە پەیوەندی بە ئەزموونی کولتوورییەوە هەیە، لەوانەش شوێنە سروشتییەکان، بینا شوێنەوارییەکان، هونەرە بینراوەکان، شێوازی ژیان، بەهاکان، داب و نەریت و بۆنە تایبەتەکان، وەک قەڵای بارۆیی و دەربەندی بازیان. هتد

شوێنەوارە مێژووییەکانی ناوچەی توێژینەوە

بەپێی تازەترین ڕووپێوی شوێنەواری کە لەساڵی(2018) تیمی شوێنەوارناسانی کورد، فەرەنسی، پرتوگالی و ئەمەریکی ئەنجامیان داوە، لە دەشتی بازیان و زنجیرە چیاکانی دەوروبەریدا زیاتر لە (60) شوێنەوار تۆمارکراون، کە مێژووەکانیان بۆ چاخە بەردینەکان و سەردەمە مێژووییە جیاوازەکان دەگەڕێتەوە، شوێنەوارەکانیش (ئەشکەوت، گۆڕستانی کۆن، پاشماوەی گردی ڕووخاو کۆن وگردی شوێنەواری) کە سەردەمیان دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی نوێ تاوەکو سەردەمی هاتنی ئاینیی ئیسلام و دواتر لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا پاشماوەی چەندین شاری ژێرئاوکەوتوو و شاری جێماو بەدیدەکرێن[12]

1-بەردە قارەمان :بەردێکی قەبارە گەورەیە، بە دووری (1کم) لە سەنتەری بازیانەوە دوورە، دەکەوێتە لای دەستە ڕاستی ئەو کەسەی لە کەرکوکەوە دێت بۆ بازیان، گرنگی ئەم بەردە لەوەدایە، کاتی خۆی شێخ مەحموودی حەفید لە شەڕی دەربەندی بازیاندا، دژی ئینگلیز لە ڕێککەوتی(18-6-1919) خۆی لە پەنایدا حەشارداوە، کە دواتر بەبریندارى دەستبەسەر کراو  ورەوانەی شاری بەغداد و دواتر وڵاتی هندستان کرا (محمد، 2025).وێنەی(1) بەردەقارەمان .

وێنەی(1)بەردە قارەمان



سەرچاوە: کاری توێژەران : 20-7-2025

2-سەرای بازیان :دەکەوێتە ناو سەنتەری بازیانەوە، کۆنترین شوێنەواری مێژووییە تاوەکو ئێستا لە بازیاندا مابێتەوە، و سەرنجی گەشتیاران و شوێنەوارناسانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە، وێنەی(2) شوێنەوارێکی مێژوویی و گرنگە، لە ساڵی(1927ز) لەلایەن ئینگلیزەکانەوە دروستکراوە، لە سەرەتادا بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بازیان دروستکرابوو، لە چەندین و ژوور بۆ کارمەند پێکهاتبوو، هەندێک لە سەرچاوەکان دەڵێن بۆ مەبەستی چاودێریکردن لە پردی تەیناڵ دروستکراوە[13].

وێنەی(2) سەرای بازیان



سەرچاوە : توێژەران . 1-4-2025 . بازیان

-گردی دەروێشان : گردێکی شوێنەوارییە و لە دواهەمین کنە وپشکین بە (نشینگەی کانی شایی ) ناسێنرا، دەکەوێتە ناوەڕاستی دەشتی بازیان، لە نێوان دەربەندی باسەرە و تاسڵوجەدایە، دەکەوێتە ناو گوندی دەروێشانی چۆڵکراو، چەمی بازیان دەکەوێتە بەشی باشوورییەوە، چەندین شوێنەواری مێژوویی کۆن وەک خانوی کۆن و گۆڕی جیاوازی تێدایە، هەروەها چەندین شوێنەواری تێدا دۆزراوەتەوە، وەکو پارچە گۆزە و گڵێنەی شوێنەواری. وێنەی(3).

وێنەی (3) گردی دەروێشان



سەرچاوە: توێژەران . 1-5-2025، بازیان

[12] - چاوپێکەوتن: لەگەڵ بەڕێز، ئامانج ڕەحیم، شوێنەوارناس و دانیشتووی شاری بازیان، 10-04-2025 .

[13] - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز: مامۆستا عثمان عزیز، شارەزا و شوێنەوارناس، بازیان، 10-04-2025.


- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12327]
- **Submission Date:** [10/3/2026], **Revised Date:** [10/3/2026], **Accepted Date:** [6/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

4-شورەی دەربەندی بازیان :دەکەوێتە نێوان بازیان و شارۆچکەی تەکیەی کاکەمەدەوە، شوێنێکی شارستانی گرنگەوە، کۆنترین شوێنەواری مرۆڤ لە هەرێمی کوردستاندا لەبەردەم ئەم دەربەندەدا دۆزراوەتەوە، کە ئەویش ( بەردەبەڵکا ) یە، دەربەندی بازیان پێش (3000) ساڵ لەمەو پێش شورەی هەبووە، بەڵام سەرچاوەی دروستکردنەکەی دیار نییە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و گرنگی پێدانە، ئەو ڕۆڵەیەتی کە هەیەتی لە بواری گەشتیاریدا، لەبەرئەوەی کەوتۆتە سەر ڕێگای (بازیان – چەمچەماڵ ) و هەموو کەسێک و گەشتیارێک دەتوانێت بیبینێت و لەنزیکەوە شارەزایی لەسەر ئەم شوێنەوارە مێژووییە هەبێت[14]. وێنەی(4) .

وێنەی(4) دەربەندی بازیان



سەرچاوە : کاری توێژەران : 15-3-2025

5-گردی شاری بازیان :دەکەوێتە گوندی سەرچاوە، دانیشتوانی ناوچەکە پێی دەڵێن (کەیلان) واتە کەیلەکۆن، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئاشوورییەکان، شارێکی گەورە و گرنگ بووە، لەم شارەدا دوو جۆر مۆر هەبووە، ئەوانیش (مۆری لوولەیی و تەخت لاکێشەیی ) بووە، لە نزیک ئەم شوێنەوارە، ناوچەیەک هەیە پێی دەگووترێت پردی سیارە، کە لە بنەڕەدا پردی سێدارەیە، وا گوومان دەبرێت کە شوێنی لە سێدارەدانی سزادراوانی ئەو شارەبێت، پاشماوەی وەکو لیرەی تیادا دۆزراوەتەوە (زاموا+ئەحمەد، 2025)

6- قەڵای بازیان : دەکەوێتە سەنتەری بازیانەوە، یەکێکە لە شوێنەوارە مێژوویی و گرنگەکانی ناوچەکە و هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە سەر ڕێگای گشتی کەرکوک – سلێمانی، بە دووری(42کم) لە خۆرئاوای شاری سلێمانی، مێژووەکەیە دەگەڕێتەوە بۆ (4300)ساڵ لەمەوبەر، ئەم شوێنەوارە دەکەوێتە دەمی دەربەندی بازیانەوە، (ڕیچ ) گەڕیدەی ناسراوی ئینگلیز باسی ئەم قەڵایەی کردووە و تێبینی کۆمەڵێک شوێنەواری گرنگ و بەپێزی کردووە، وەکو هەبوونی خانوویەکی بچووک و کەلاوەیەکی چوارگۆشەی کۆن و سەکۆیەک و شوێنەواری گومەزێکی خڕ و هەندێک بیری ئاوی لێیە[15] وێنەی(5)

وێنەی(5) قەڵای بازیان



**نموونەی خشتە (ناونیشان لە سەروویەتی)**

**خشتەی ١. دابەشبوونی تەوەرەکان بەسەر دەقی چاوپێکەوتنەکاندا**

| تەوەر | دووبارەبوونەوە | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| ٪٤٢ | ١٨ | ناسنامە |
| ٪٢٨ | ١٢ | کۆچ |
| ٪١٩ | ٨ | یادەوەری |
| ٪١١ | ٥ | پراکتیکە زمانەوانییەکان |

*تێبینی. $N = ٤٣$ بڕگەی کۆدکراو. ڕێژە سەدییەکان نزیککراونەتەوە بۆ نزیکترین ژمارەی تەواو.*

بە پابەندبوون بەم ڕێنماییانە، نووسەران پارمەتیدەر دەبن بۆ پاراستنی پابەندبوونی گۆڤارەکە بە ڕوونی، ئاسانی گەیشتن پێی، و ستاندارده بەرزە زانستییەکان، بۆ دڵنیابوون لەوەی کە کەرەستە بینراوەکان توێژینەوەکە دەوڵەمەندتر دەکەن نەک سەرنج لە ناوەڕۆکەکەی دووربخەنەوە.

## 6. تاوتوێکردن

بەشی تاوتوێکردن لێکدانەوە بۆ گرنگیی دۆزینەوەکانی توێژینەوەکە دەکات و ڕوونی دەکاتەوە کە چۆن بەشداری دەکەن لە گفتوگۆ زانستییە بەرفراوانەکاندا. لەجیاتی دووبارەکردنەوەی ئەنجامەکان، دەبێت ئەم بەشە ڕوونی بکاتەوە کە دۆزینەوەکان مانایان چییە، بۆچی گرنگن، و چۆن پەیوەستن بە تیۆرییەکان، گفتوگۆکان، یان کارە ئەزموونییە بەردەستەکانەوە. چاوەڕوان دەکرێت نووسەران لە وەسفکردنەوە بپەڕنەوە بۆ لێکدانەوە، و پیشانی بدەن کە چۆن شیکردنەوەکەیان مەعریفەی بوارەکە پێشدەخات.

14 - چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێز، مامۆستا ئارام احمد، شارەزا لە شوێنەوار و مێژووی بازیان، 14-04-2025، بازیان.

15 - كمال رشيد( منقب اثار المشرف على صيانة قلعة بازيان )، موقع بازيان دراسة تحليلية المخطط البناء والعناصر المعمارية، الجزء الأول ، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە 16، ساڵی چوارەم، حوزەیرانی 2001، بەڕێوەبەرێتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی.

تاوتوێکردنێکی بەهێز بە دەستنیشانکردنی تێگەیشتنە ناوەندییەکەی توێژینەوەکە و ڕوونکردنەوەی گرنگییەکەی دەست پێدەکات. دواتر دەبێت نووسەران ئەم تێگەیشتنە لە ناو ئەدەبیاتی بەردەستدا جێگیر بکەن، و پیشانی بدەن ئایا دۆزینەوەکانیان پاڵپشتی، بەرپەرچ، یان ئاڵۆزکردنی توێژینەوەکانی پێشووە. لە کاتی گونجاودا، دەکرێت تاوتوێکردنەکە باس لە ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکان بکات، و ڕوونکردنەوەی لۆژیکی کە پشت بە داتا دەبەستێت بخاتە ڕوو. هەروەها نووسەران هاندەدرێن کە بە کورتی تیشک بخەنە سەر سنووردارکردنەکانی (limitations) توێژینەوەکەیان، بە دانان بە کەموکوڕییەکانی ناو داتا، میتۆدۆلۆژیا، یان قەبارەی توێژینەوەکە بەبێ کەمکردنەوە لە بەهای کارەکە. دەبێت بەشەکە بە دەربڕینێکی ڕوونی کۆی بەشدارییەکانی توێژینەوەکە و دەرەنجامەکانی بۆ توێژینەوەی داهاتوو کۆتایی بێت.

دەبێت تۆنی تاوتوێکردنەکە شیکارییانە و بەڵگەدار بێت. پێویستە لێکدانەوەکان لەگەڵ ئامانج و میتۆدەکانی توێژینەوەکەدا یەکبگرنەوە، و بانگەشەکان دەبێت بەو داتایانە پاڵپشتی بکرێن کە پێشتر لە دەستنووسەکەدا خراونەتە ڕوو. دەبێت خۆت بپارێزیت لە دەربڕینی زۆر گریمانەیی، گشتاندنی بەرفراوان، یان هێنانی داتای نوێ. ئامانجەکە پێشکەشکردنی لێکدانەوەیەکی یەکگرتوو و هۆشمەندانەیە کە گرنگیی توێژینەوەکە بۆ گفتوگۆ زانستییە بەردەوامەکان بسەلمێنێت.

## 6.1. پێکهاتە و پێشبینییەکان

دەبێت تاوتوێکردنەکە بە گرنگترین دۆزینەوەی توێژینەوەکە دەستپێبکات، بە جۆرێک داڕێژرابێت کە تیشک بخاتە سەر گرنگییە چەمکی یان ئەزموونییەکەی. ئەم کردنەوەیە ئاراستەی بەشەکە دیاری دەکات و ئاماژە بە خوێنەران دەدات کە چۆن دەبێت ئەنجامەکان تێبگەن. دوای خستنەڕووی تێگەیشتنە ناوەندییەکە، پێویستە نووسەران دۆزینەوەکانیان بە سکۆلەرشیپی بەردەستەوە ببەستنەوە. ئەمە دەکرێت سەلماندنی گونجان لەگەڵ تیۆرییە جێگیرەکان، دەستنیشانکردنی خاڵەکانی جیاوازی، یان پیشاندانی ئەوەی کە چۆن توێژینەوەکە گفتوگۆکانی ئێستا فراوانتر دەکات، لەخۆ بگرێت.

دواتر دەبێت تاوتوێکردنەکە باس لە دەرەنجامەکانی دۆزینەوەکان بکات. ئەمانە دەکرێت تیۆری، میتۆدۆلۆژی، یان پراکتیکی بن، بەپێی سروشتی توێژینەوەکە. پێویستە نووسەران ڕوونی بکەنەوە کە چۆن کارەکەیان بەشداری لە بوارەکەدا دەکات و بۆچی دۆزینەوەکان گرنگن. ئەگەر توێژینەوەکە ئەنجامی چاوەڕواننەکراو یان دژبەیەکی بەرهەم هێنا، دەبێت ئەمانە دانیان پێدابنرێت و بە وردی لێکدانەوەیان بۆ بکرێت. ڕەنگە بەدوایدا تێڕامانێکی کورت لەسەر سنووردارکردنەکان بێت، کە بە شێوەیەکی بنیاتنەرانە داڕێژرابێت و ئاراستەی لێکۆڵینەوەی داهاتوو کرابێت. دەبێت بەشەکە بە دەربڕینێکی کورتی بەشداریی توێژینەوەکە و ئەو پرسیارانە کۆتایی بێت کە بۆ توێژینەوەی زیاتر دەیانکاتەوە.

## 6.2. نموونەی ڕوونکردنەوەیی

ئەم نموونانەی خوارەوە پیشانی دەدەن کە چۆن نووسەران دەتوانن بەشە سەرەکییەکانی تاوتوێکردنەکە دابڕێژن.

**کردنەوەی تاوتوێکردنەکە:**

*دۆزینەوەکانی ئەم توێژینەوەیە ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاڵۆزیی گێڕانەوە لە ڕۆمانی هاوچەرخی کوردیدا پەیوەندییەکی توندی بە وێناکردنەکانی ئاوارەبوونی شوێنییەوە هەیە. ئەم پەیوەندییە پێشنیاری ئەوە دەکات کە فۆرمی ئەدەبی نەک تەنها بە خەمە بابەتییەکان دادەڕێژرێت، بەڵکو بەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی-سیاسییە فراوانانەش کە پەیوەندییان بە کۆچ و ناسنامەوە هەیە.*

**تێکەڵاوبوون لەگەڵ سکۆلەرشیپ:**

*ئەم ئەنجامانە لەگەڵ ئارگومێنتەکەی ئەحمەد (٢٠٢٠) دا یەکدەگرنەوە کە پێی وایە پارچەپارچەبوونی گێڕانەوە ڕەنگدانەوەی ئەزموونە دەستەجەمعییەکانی ئاوارەبوونە. لەگەڵ ئەوەشدا، توێژینەوەی ئێستا ئەم تێڕوانینە فراوانتر دەکات بە پیشاندانی ئەوەی کە ئاوارەبوونی شوێنی کاریگەری لەسەر ناوەندیبوونی کارەکتەر و پێکهاتەی پلۆتیش هەیە، ئەمەش پەیوەندییەکی ئاڵۆزتر لە نێوان فۆرم و ئەزموونی ئاشکرا دەکات.*

**چارەسەرکردنی سنووردارکردنەکان:**

*هەرچەندە توێژینەوەکە پشت بە نموونەیەکی جۆراوجۆر لە دەقەکان دەبەستێت، بەڵام تەرکیزکردنی لەسەر ئەو ڕۆمانانەی دوای ساڵی ٢٠٠٠ بڵاوکراونەتەوە، جێبەجێکردنی دۆزینەوەکان بۆ قۆناغە ئەدەبییەکانی پێشوو سنووردار دەکات. توێژینەوەکانی داهاتوو دەتوانن لێکۆڵینەوە لەوە بکەن ئایا شێوازی هاوشێوە لە ئەدەبیاتی کوردی ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دەردەکەون یان نا.*

**کۆتاییهێنان بە تاوتوێکردنەکە:**

*بەگشتی، ئەم دۆزینەوانە تێگەیشتنمان قووڵتر دەکەن سەبارەت بەوەی کە چۆن نووسەرانی هاوچەرخی کورد لە ڕێگەی فۆرمی گێڕانەوەوە مامەڵە لەگەڵ ناسنامە، یادەوەری، و ئاوارەبوون دەکەن. توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر پێویستیی کاری بەراوردکاری لە نێوان ئەدەبیاتە ناوچەییەکاندا بۆ لێکۆڵینەوە لەوەی کە چۆن ئەم داینامیکانە لە کۆنتێکستە کولتوورییە جیاوازەکاندا دەردەکەون.*

## 6.3. بەکارهێنانی کەرەستە بینراوەکان لە ناو تاوتوێکردنەکەدا

ئەگەر تاوتوێکردنەکە ئاماژە بە خشتە، شێوە، یان وێنەکان دەکات، دەبێت نووسەران دڵنیابن کە ئەم بینراوانە پێشتر لە بەشەکانی تری دەستنووسەکەدا پێشکەش کراون. نابێت بینراوەکان بۆ یەکەمجار لە بەشی تاوتوێکردندا بخرێنەڕوو. دەبێت ئاماژەدان بە کەرەستە بینراوەکان ورد و یەکگرتوو بێت، بە بەکارهێنانی دەستەواژەی وەک "وەک لە شێوەی ٢ دا پیشان دراوە" یان "وەک لە خشتەی ٣ دا ئاماژەی پێکراوە." پێویستە لێکدانەوەکان لەسەر بنەمای ئەو داتایانە بن کە پێشکەش کراون، و دەبێت بینراوەکان پاڵپشتی ئارگومێنتەکە بکەن نەک جێگەی بگرنەوە. دەبێت خۆت بپارێزیت لە زۆر ڕوونکردنەوەی دووبارەی ناوەڕۆکی بینراوەکان.

## 6.4. ئەو کێشە باوانەی دەبێت لێیان بەدوور بیت

نابێت بەشی تاوتوێکردن دووبارەکردنەوەی بەشی ئەنجامەکان بێت یان داتای نوێ بخاتەڕوو. دەبێت خۆت بپارێزیت لەو بانگەشانەی کە لە سنووری توێژینەوەکە تێدەپەڕن، هەروەها لەو لێکدانەوانەی کە زۆر گریمانەیین. نابێت کەرەستە بینراوەکان بۆ یەکەمجار لەم بەشەدا دەربکەون، و نابێت تاوتوێکردنەکە لەپڕ کۆتایی بێت بەبێ

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12327]
- **Submission Date:** [10/3/2026], **Revised Date:** [10/3/2026], **Accepted Date:** [6/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]

خستنەڕووی بەشدارییەکانی توێژینەوەکە. تاوتوێکردنێکی یەکگرتوو، تێراماناوی، و باش-ڕێکخراو کاریگەریی گشتیی دەستنووسەکە بەهێزتر دەکات و دڵنیایی دەدات کە توێژینەوەکە بە ڕوونی و تۆکمەیی زانستییەوە پێشکەش کراوە.

## 7. دەرەنجام

پێویستە دەرەنجام پێکهاتەیەکی کورتکراوەی تێگەیشتنە ناوەندییەکانی توێژینەوەکە پێشکەش بکات و گرنگییە فراوانەکەیان بخاتە ڕوو. لەجیاتی دووبارەکردنەوەی بەشەکانی پێشوو، ئەم بەشەی دەستنووسەکە ئارگومێنتە سەرەکییەکان کۆدەکاتەوە و پیشانی دەدات کە چۆن دۆزینەوەکان بەشداری لە گفتوگۆ زانستییە بەردەوامەکاندا دەکەن. نووسەران هاندەدرێن تیشک بخەنە سەر بەهای چەمکی، ئەزموونی، یان میتۆدۆلۆژیی کارەکەیان، و پیشانی بدەن کە چۆن تێگەیشتن لە ناو بوارە پەیوەندیدارەکەدا بەرەوپێش دەبات.

دەرەنجامێکی بەهێز دەگەڕێتەوە بۆ ئامانجەکانی توێژینەوەکە و پیشانی دەدات کە چۆن توێژینەوەکە مامەڵەی لەگەڵدا کردوون. دەکرێت بە کورتی گرنگترین دۆزینەوەکان دووبارە بکاتەوە، بەڵام تەنها بۆ خزمەتکردنی ڕوونکردنەوەی دەرەنجامەکانیان. پێویستە نووسەران ڕوونی بکەنەوە کە توێژینەوەکە چی بۆ مەعریفەی بەردەست زیاد دەکات و بۆچی ئەم بەشدارییانە گرنگن. لە کاتی گونجاودا، دەرەنجامەکە دەکرێت ئەو پرسیارانەش دەستنیشان بکات کە بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە یان پێشنیاری ئاراستە بۆ توێژینەوەی داهاتوو بکات، بەو مەرجەی ئەم پێشنیارانە بە شێوەیەکی سروشتی لە ئەنجام و تاوتوێکردنی توێژینەوەکەوە سەرچاوەیان گرتبێت.

دەبێت تۆنی دەرەنجامەکە فۆکەسکراو و هاوسەنگ بێت. دەبێت خۆت بپارێزیت لە بانگەشەی زۆر بەرفراوان، دەربڕینی گریمانەیی، یان ئەو گشتاندنانەی کە لە بەڵگەکان تێدەپەڕن. پێویستە بەشەکە بە دەربڕینێکی ڕوون و متمانەپێکراو لەسەر گرنگیی توێژینەوەکە کۆتایی بێت، و خوێنەران بە هەستکردن بە بەها زانستییەکەی و ئەو ڕێگایانەی کە بۆ لێکۆڵینەوەی زیاتر دەیانکاتەوە، جێبهێڵێت.

## 8. سەرچاوەدانان (Referencing)

دەبێت هەموو ئەو دەستنووسانەی پێشکەشی گۆڤارەکە دەکرێن پەیڕەوی **سیستەمی هارڤارد بۆ سەرچاوەدانان** بکەن. ئەم شێوازە ئاماژەدانی کورتی ناو دەق بەکاردەهێنێت کە خوێنەران ئاراستەی لیستی تەواوی سەرچاوەکان دەکات لە کۆتایی دەستنووسەکەدا. لەبەر ئەوەی گۆڤارەکە کاری چەندین پسپۆڕیی جیاواز بڵاودەکاتەوە، دەبێت نووسەران سیستەمەکە بە شێوەیەکی یەکگرتوو جێبەجێ بکەن و دڵنیابن کە هەموو سەرچاوەکان—چ دەقی، بینراو، دیجیتاڵی، یان ئەرشیفی بن—بە ڕوونی و وردی ئاماژەیان پێکراوە.

### 8.1. سەرچاوەدانانی ناو دەق

سەرچاوەدانانی ناو دەق پێکهاتووە لە پاشناوی نووسەر و ساڵی بڵاوکردنەوە. دەکرێت ئەمانە لە ناو ڕستەکەدا تێکەڵ بکرێن یان لە ناو کەوانەدا دابنرێن. کاتێک ئاماژە بە ئارگومێنت یان برگەیەکی دیاریکراو دەکرێت، پێویستە نووسەران ژمارەی لاپەڕەکان بگرنە خۆ. ئامانجەکە ئەوەیە کە سەرچاوەکان بە لوس و ڕەوانی تێکەڵ بکرێن بۆ ئەوەی پاڵپشتی ئارگومێنتەکە بکەن بەبێ ئەوەی ڕەوتی نووسینەکە تێکبدەن.

بۆ نموونە، نووسەرێک دەتوانێت بنووسێت کە *ئەحمەد (٢٠٢٠) پێی وایە پارچەپارچەبوونی گێڕانەوە ڕەنگدانەوەی ئەزموونە دەستەجەمعییەکانی ئاوارەبوونە، یان لە جیاتی ئەوە بنووسێت: پارچەپارچەبوونی گێڕانەوە زۆرجار ڕەنگدانەوەی ئەزموونە دەستەجەمعییەکانی ئاوارەبوونە (ئەحمەد ٢٠٢٠، ل. ٤٥). هەردوو فۆرمەکە پەسەندکراون،* بەو مەرجەی شێوازەکە بە شێوەیەکی یەکگرتوو بەکاربهێنرێت.

کاتێک ئاماژە بە چەند کارێکی هەمان نووسەر دەکرێت، دەبێت ساڵەکان بە فاریزە جیا بکرێنەوە، وەک لە *کەریم (٢٠١٨، ٢٠٢١)*.

کاتێک لە هەمان کەوانەدا ئاماژە بە چەند نووسەرێک دەکرێت، دەبێت کارەکان بە خاڵبۆشە (semicolon) جیا بکرێنەوە، وەک لە *(ڕەسوڵ ٢٠١٩؛ فەرەج ٢٠٢٠؛ ئەحمەد ٢٠٢٣)*. ئەگەر کارێک دوو یان سێ نووسەری هەبوو، دەبێت پاشناوی هەموویان لە ئاماژەدانەکەدا دەربکەون. بۆ ئەو کارانەی چوار نووسەر یان زیاتریان هەیە، پاشناوی نووسەری یەکەم بەدوایدا "و هاوکارانی." (et al.) بەسە.

### 8.2. داڕشتنەوە، وەرگرتنی ڕاستەوخۆ، و ئاماژەپێدانی ناڕاستەوخۆ

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا داڕشتنەوە (Paraphrasing) پەسەندترە، چونکە ڕێگە بە نووسەران دەدات سەرچاوەکان لەگەڵ دەنگی شیکاریی خۆیاندا تێکەڵ بکەن. هەر دەبێت داڕشتنەوەش لەگەڵ سەرچاوەدانانی ناو دەقدا بێت، بۆ نموونە: *توێژینەوەکانی ئەم دواییە پێشنیاری ئەوە دەکەن کە یادەوەریی شار لەلایەن هەم پراکتیکە شوێنییەکان و هەم زمانەوانییەکانەوە دادەڕێژرێت (کەریم ٢٠١٩).*

وەرگرتنی ڕاستەوخۆ دەبێت زۆر بە کەمی بەکاربهێنرێت و تەنها کاتێک کە وشە ڕەسەنەکان بۆ ئارگومێنتەکە زۆر پێویست بن. وەرگرتنی کورت دەکرێت لە ناو ڕستەکەدا بە بەکارهێنانی نیشانەی وەرگرتن (quotation marks) تێکەڵ بکرێت، بەدوایدا ئاماژەدانەکە و ژمارەی لاپەڕەکە بێت. بۆ نموونە: *وەک ئەحمەد ئاماژەی پێدەکات، "یادەوەری هەمیشە بە شوێنەوە گرێ دراوە" (٢٠٢٠، ل. ٦٢).*

وەرگرتنە درێژەکان دەبێت وەک پەرەگرافێکی جیا و کەمێک براوەتە ناوەوە (indented) بەبێ نیشانەی وەرگرتن دابنرێن. دەبێت ئاماژەدانەکە دوای کۆتا خاڵبەندیی دەقەکە بێت. ئاماژەپێدانی ناڕاستەوخۆ—کە تێیدا نووسەرێک ئاماژە بە بیرۆکەیەک دەکات کە لە سەرچاوەیەکی تردا باسی لێوە کراوە—دەبێت خۆی لێ بپارێزرێت مەگەر کارە ڕەسەنەکە دەستپێگەیشتنی ئەستەم بێت. ئەگەر سەرچاوەدانانی ناڕاستەوخۆ پێویست بوو، دەبێت بە ڕوونی ئاماژەی پێبکرێت، بۆ نموونە: *شیکردنەوەکەی ڕەسوڵ (کە لەلایەن فەرەجەوە ئاماژەی پێکراوە ٢٠٢١، ل. ١٤) پێشنیاری دەکات کە...*

### 8.3. لیستی سەرچاوەکان

لیستی سەرچاوەکان لە کۆتایی دەستنووسەکەدا لە ژێر سەردێڕی "سەرچاوەکان" (References) دەردەکەوێت. دەبێت هەموو ئەو کارانەی کە لە دەقەکەدا ئاماژەیان پێکراوە لەم لیستەدا هەبن، و نابێت هیچ برگەیەک زیاد بکرێت مەگەر ئاماژەی پێکرابێت. پێویستە سەرچاوەکان بەپێی ئەلفوبێی پاشناوی نووسەر ڕیز بکرێن.

دەبێت لیستەکە وردەکاریی تەواوی بڵاوکردنەوە دابین بکات بۆ ئەوەی خوێنەران بە ئاسانی سەرچاوەکان بدۆزنەوە.

- پەڕتووک (monograph) بەم شێوەیە ئاماژەی پێدەکرێت:

Ahmed, S. 2020, *Memory and Displacement in Contemporary Literature*, Routledge, London.

- توێژینەوەی گۆڤار (journal article) بەم شێوەیە دەردەکەوێت:

Karim, D. 2019, 'Language, identity, and urban space in Sulaimani', *Journal of Kurdish Studies*, vol. 15, no. 2, pp. 112–130.

- بەشێک لە پەڕتووکێکی ئامادەکراو (edited volume) بەم شێوەیە فۆرمات دەکرێت:

Rasul, H. 2021, 'Cultural memory and the politics of place', in L. Faraj & M. Hassan (eds), *Reimagining the Middle East*, Palgrave Macmillan, New York, pp. 87–104.

- سەرچاوەیەکی ئۆنلاین دەکرێت بەم شێوەیە ئاماژەی پێبکرێت:

UNESCO 2023, *Intangible Cultural Heritage Lists*, viewed 12 March 2024, https://ich.unesco.org.

### 8.4.سەرچاوە ئەرشیفی، بینراو، و نادەقییەکان

لەبەر ئەوەی زۆربەی توێژینەوەکان پشت بە کەرەستەی ئەرشیفی، فۆتۆگراف، کاری هونەری، نەخشە، یان بەڵگەنامەی مەیدانی دەبەستن، دەبێت نووسەران ئاماژەپێدانی ڕوون و تەواو بۆ هەموو سەرچاوە نادەقییەکان دابین بکەن. کەرەستە ئەرشیفییەکان دەبێت ئەرشیفەکە، کۆکراوەکە، ژمارەی سندووق یان بڕگەکە، و هەر وردەکارییەکی پەیوەندیداری تر دەستنیشان بکەن. بۆ نموونە:

*-ئەرشیفی شارەوانی سلێمانی، کۆکراوەی ١٢، بڕگەی ٤٧.*

وێنە، کارە هونەرییەکان، و فۆتۆگرافەکان کە لە دەستنووسەکەدا بەکارهێنراونەتەوە دەبێت تایتڵێک (caption) و لە کاتی گونجاودا سەرچاوەیەکی هاوتا لە لیستی سەرچاوەکاندا لەخۆ بگرن. ئەگەر کەرەستەکە بڵاونەکراوەیە یان پێویستی بە مۆڵەت هەیە، دەبێت لە تایتڵەکە یان لە لیستی سەرچاوەکاندا تێبینی بکرێت. بۆ نموونە:

*-Hawrami, L. 1954, Market Scene, Sulaimani, oil on canvas, Sulaimani Museum, accession no. 2041.*

نەخشەکان، داتاسێتەکان، و کەرەستە دیجیتاڵییەکان دەبێت دروستکەر، ساڵ، ناونیشان، و زانیاریی دەستپێگەیشتن لەخۆ بگرن. بۆ نموونە:

*-United Nations Cartographic Section 2022, Iraq Administrative Map, viewed 10 January 2024, https://www.un.org/geospatial.*

### 8.5.یەکگرتوویی و وردی

دەبێت نووسەران دڵنیابن لەوەی کە هەموو سەرچاوەیەک تەواوە، ناو و ڕێکەوتەکان لەگەڵ ئاماژەپێدانەکانی ناو دەقدا یەکدەگرنەوە، و فۆرماتکردن لە تەواوی دەستنووسەکەدا یەکگرتووە. ناونیشانەکان دەبێت لە شوێنی گونجاودا لار (italicized) بکرێن، و خاڵبەندی دەبێت پەیڕەوی لە شێوازی هارڤارد بکات. گرنگیدان بە وردەکارییەکان لە دانانی سەرچاوەکاندا متمانەپێکراوی توێژینەوەکە بەهێزتر دەکات و پاڵپشتی لە پابەندبوونی گۆڤارەکە بە تۆکمەیی زانستی لە سەرتاسەری پسپۆڕییەکاندا دەکات.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/**, **Volume:** [2], **Issue:** [2], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12327]
- **Submission Date:** [10/3/2026], **Revised Date:** [10/3/2026], **Accepted Date:** [6/4/2026], **Published Date:** [30/6/2026]